وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە:١٦٤٤٤ لە ٢٠١٧/١٠/٤

بەیانی ژمارە( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٧

دریژکردنەوەی ماوەی تۆمارکردنی تۆمارنەکراو بە پێی رێنماییمان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧

دوابەدوای رێنماییمان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە رێنمایی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیلی تۆمارنەکراو کە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ژمارە(٢١٢) لە ٢٠١٧/٦/٦ بڵاوکراوەتەوە و لە رێکخستنی کاروباری گومرگ بۆ ئۆتۆمبیلەکان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاماندابە:-

درێژکردنەوەی ماوەی بڕگەی (١) لە ماددەی (٨)ی رێنمایی سەرەوە:

- ئەم رێنماییە تا٢٠١٧/١٢/٣١ کاری پێدەکرێت لە دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) و دەبێت لەو ماوەیە گشت ئەوئوتۆمبیلانەی ئەم رێنماییە دەیانگرێتەوە تۆماربکرێت.

کریم سنجاری

وەزیری ناوخۆ

---

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

ژمارە:١ لە ٢٠١٧/٨/١٧

بەیانی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی (٧) / بڕگەی ٢ ) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧و کۆنووسی دانیشتنی ژمارە (٧٧)ی ئەنجومەنی کارگێری خەزنەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران بڕیارماندا بە :-

- هێنانەکایەی (إستحداث) کردنی بەشی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران لە بەڕێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی /زاخۆ سەر بە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران دهۆك
- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی لە رێکەوتی٢٠١٧/٨/١٧ کاری پێدەکرێت.

محمد قادرمحمد

وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی